ئاومی زەمزەمم هێنا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، خواردیەوە لەکاتێکدا بە پێوە بوو

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: «ئاومی زەمزەمم هێنا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، خواردیەوە لەکاتێکدا بە پێوە بوو». ونەزالی کوڕی سەبرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «عەلی -ڕەزای خوای لێبێت- هات بۆ -شوێنێک بە ناوی- (باب الرحبة)، ولەوێدا بە پێوە ئاوی خواردەوە، ووتی: «پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی ئەنجامدا هەروەکو چۆن بینیتان من ئەنجامم دا». ولە عەمروی کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە لە باپیریەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: «پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- (خواردنەوەی) دەخواردەوە بە پێوە وبە دانیشتنەوە».

[حەسەنە] [بوخاری گێڕاویەتیەوە]

عبداللەی کوڕی عەباس -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە ئاوی زەمزەمی هێنا بۆ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، خواردیەوە لەکاتێکدا بە پێوە بوو. وعەلی -ڕەزای خوای لێبێت- بە پێوە ئاوی خواردەوە، ووتی: پێغەمبەرم بینی -صلى الله عليه وسلم- ئەمەی ئەنجامدا هەروەکو چۆن بینیتان من ئەنجامم دا. وهەروەها عبداللە کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- باسی ئەوە دەکات کە پێغەمبەری بینی -صلى الله عليه وسلم- (خواردنەوەی) دەخواردەوە بە پێوە وبە دانیشتنەوە.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4300